



حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# راپۆرتی ئاماری رووداوەکانی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستان
# بۆ ساڵی 2018

بەشی گواستنەوە و پەیوەندییەکان
ئەیلول 2019

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان
# بۆ ساڵی 2018

بەشی ئاماری گواستنەوەو پەیوەندییەکان
ئەیلول/2019

© ئەیلول 2019
مافی چاپکردن پارێزراوە

وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

لەکاتی وەرگرتنی وبەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە بۆ هەر هۆیەك تکایە ئاماژە بکە بە :

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان2019، ***ڕاپۆرتی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018***

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:

ماڵپەری ئەلیکترۆنی : www.krso.gov.krd
پۆستی ئەلیکترۆنی : contact@krso.gov.krd
تەلەفۆن : 0662559170 / 07508963143

زنجیرە : 71

پێشکەش....

ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ یەکێکە لە ئامارە گرنگەکانی کە دەستەی ئاماری هەرێم ساڵانە کاری لە سەر دەکات بۆبە دەرخستنی قەبارەی و کاریگەریەکانی لە سەر کەرتی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان . ساڵانە دەستەی ئاماری بە هاوکاری بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان ئەو ئامارانە دەخاتە بەر دەست و نیشاندەری جیا دیاری دەکات وەك ژمارە و جۆری ڕووداوەکان و شوێنی ڕوودانیان و هەروەها ژمارەی قوربانیەکان .
بۆ ساڵی 2018 دەرکوتووە کە ژمارەی ڕووداوەکان (4,476) بووە وژمارەی قوربانی ڕووداوەکان (5,879) کەس بوو ئەم ڕاپۆرتە وەك ڕاپۆرتەکانی ساڵانی پێشوو دەخەینە بەردەم خوینەران وە هیوادارین کار بکرێ لەسەر دستنیشان کردنی هۆیەکانی ، ئەگەر ڕێگاو بان بێ یان کەمتەرخەمی شوفێران وهۆکاری تر .
لێردا بە پێویستی دەزانین سوپاسی بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بکەین بۆ دابین کردنی داتاکان بۆ دەستەی ئامار و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەشی ئامارەکانی گواستنەوە و پەیوەندییەکان دەکەین کە لەرێگای بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆو بەرێوەبەرایەتیەکانی ئامار سەر بەدەستەکەمان توانیان ئەم ڕاپۆرتە ئامادە بکەن .

سیروان محمد محی الدین
سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم

# ناوەڕۆك


| ناونیشان | ژمارەی لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشکەش | I |
| لیستی خشتەکان | III |
| لیستی وێنەکان | III |
| پێشەکی | 1 |
| ئامانج و سوودەکانی | 1 |
| شێوازی کارکردن | 1 |
| پێناسەی چەمکە ئاماریيەکان | 2 |
| گرنگترین نیشاندەرە سەرەکییەکان | 3 |

| لیستی خشتەكان | لاپەرە |
| --- | --- |


خشتەی 1 : سەرجەم نیشاندەرە سەرەكیەكانی ئاماری رووداوەكانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2018. ..............................................4
خشتەی 2 : ژمارەی رووداوەكان بە گوێرەی پۆلینی ڕێگا بۆ ساڵی 2018..................................................................5
خشتەی 3 : ژمارەی رووداوەكان بە گوێرەی باری رووناكی بۆ ساڵی 2018 ..............................................................5
خشتەی 4 : ژمارەی مردووان و بریندارانی بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی 2018...........................................................5
خشتەی 5 : ژمارەی رووداوەكان بە گوێرەی پاریزگاو جۆری رووداوەكە بۆ ساڵی 2018............................................. 6
خشتەی 6 :ژمارەی رووداوەكانی هاتووچۆی تۆماركراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2018 ...........................7
خشتەی 7 : ژمارەی رووداوەكانی هاتووچۆی تۆماركراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2018.......................8
خشتەی 8 : ژمارەی رووداوەكانی هاتووچۆی تۆماركراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای دهۆك بۆ ساڵی 2018..........................9
خشتەی 9 : ژمارەی رووداوەكانی هاتووچۆی تۆماركراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی 2018........................ 10
خشتەی 10: كۆی گشتی ژمارەی رووداوەكانی هاتووچۆی تۆماركراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2018.......11


| لیستی وێنەكان | لاپەرە |
| --- | --- |


وێنەی1: ژمارەی رووداوەكان بە گوێرەی مەترسی و سروشتی رووداوەكە بۆساڵی2018..........................................4
وێنەی2: ژمارەی رووداوە تۆماركراوەكان بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی2018..........................................................6
وێنەی3: ژمارەی رووداوەكانی هاتووچۆ بەگوێرەی سروشتی رووداوەكە لە هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2018............11

## پێشەکی:

ئامرازی گواستنەوە بە یەکێك لە دیاردە شارستانیەکان دادەنرێت بە هۆی گەیاندنی ئەرکی گرنگ لە چەندین لایەنی جۆراوجۆری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بەهۆی بەرفراوانبون لە ژمارە و جۆرەکانی ئامرازی گواستنەوە لە سەر ڕێگای ووشکانی, پرسی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت کە بە هۆیەوە ساڵانە زیانی گیانی و ماددی لێدەکەوێت بە هۆکاری جیاوازەوە لە وانە کەمتەرخەمی لە جێ بەجێ کردنی یاسا و بنەماکانی هاتووچۆ لە لایەن شوفێرانەوە, فەرامۆش کردنی هێماکانی هاتووچۆ و نەگونجاوی ڕێگاوبان .

دەستەی ئاماری هەرێم هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئاماری ساڵانە بۆ ژمارەو جۆری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێم (هەولێر،سلێمانی ،دهۆك، سنوری ئیدارەی گە رمیان) کە تۆمار کراون لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2018 بۆ دەوڵەمەند کردنی لایەنی توێژەرکار و سود خواز بە نیشاندەری ئاماری ساڵانە بۆ خستنە ڕووی زانیارییە کان لە بەردەم بریاردەران.

## ئامانج و سوودەکان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەك ناوەندی فەرمی داتا و سەرچاوەی سەرەکی داتاکان, بەرپرسی یەکەمە لە دابین کردنی داتا ئاماریەکان بۆ لایەنی بەکاربەر و یەك لە ئامانجەکانی دەولەمەند کردنی دەستەی ئامارە لە رووی دابین کردنی داتای جوراوجۆرەوە. بە شێوەیەکی گشتی,هەبوونی داتای ئاماری لە شوێنکی دیار کراو وەك دەستەی ئاماری هەرێم کار ئاسانیەکە بۆ بە دەست گەشتن بە داتای باوەرپێکراو و بە شێوەیەکی خێراتر. ئامانج لەم ڕاپۆرتە بۆ دەستەبەرکردنی نیشاندەرەکانی ئاماری دەربارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێم بە پێ ی جۆرو پۆلینی ڕێگاکان و پشت بەستن بەهۆکارەکانی ، جگە لە مانە خستنە ڕووی ژمارەی قوربانیان لە ئەنجامی ڕووداوەکە (مردووان وبرینداربووان).کە دەتوانرێت ئەو لایانانە سوودمەند بن بۆ ئەو لایانەی کە لە بواری هاتوچۆ کاردەکەن و ئەوانەی ئامانجیان پێشخستنی بواری گواستنەوەیە. ئەم داتایە یارمەتیدەر دەبێت لە دارشتنی پلانەکانیان بۆ پەرە پێدان و باشتر کردنی بواری هاتوچۆ کە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

## شێوازی کارکردن:

داتاو زانیارییە سەرەکیەکانی ئەم ڕاپۆرتە کۆکراوەتەوەو ئامادە کرا بە پێ ی چەند خشتەیەکی تایبەت کە دارێژراوە بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن بەشی گواستنەوەو پەیوەندییەکان لە دەستەی ئاماری هەرێم لە سەر ڕووداوەکانی هاتووچۆلە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وە بۆ بە دواداچوون و ڕێکخستنی داتاو زانیارییەکان بە هەماهەنگی لە گەڵ بەرێوەبەرایەتیەکانی ئامار لە پارێزگاکانی هەرێم وبەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ، وە لە کۆتاییدا لە بەشی گواستنەوەو پەیوەندییەکان ووردبینی بۆ داتاکان دەکرێت بۆ دلنیابوو ن لە ڕاستی و دروستی داتاو زانیارییەکان و دوای ئەمانە گرنگترین نیشاندەرە سەرکییەکان دەستنیشان دەکرێت و دەرکردنی ڕاپۆرت بەوێنە بۆ ڕوونکردنەوەی داتاکان.

## پێناسەی چەمکە ئامارییەکان:

1- رێگا : بریتیە لە شەقام یان کۆڵان یان هێلی ئاسن یان هەر شوێنێکی کراوە کە هاووڵاتی بیەوێ بگات بە جێگای مەبەست رێگاکە دوور بێت یان نزیك ،یەك ئاراستەی هەبێت یان دووئاراستە، سەرەکی بێت یاخود لاوەکی ، یان رێگای گوند.

2- هێماکانی هاتووچۆ: بریتیە لە زمانی لێك گەیشتن لە نێوان شوفێراندا کە لە رێگا جیاوازەکاندا دادەنرێت وە هەروەها وەکو شێوازی ئاگادار کردنەوە وە پێدانی زانیاری بەکاردێن بۆ پاراستنی سەلامەتی هەر کەسێك کە ئەم رێگایانە بە کاردەهێنن بۆ مەبەستی رێکخستنی هاتووچۆ لە سەریاندا.

3- ئامرازەکانی گواستنەوە : بریتین لە هەموو ئەو ئامرازانەی هاتووچۆ کە بە مەبەستی گواستنەوە بەکاردەهێنرێن بە تایبەتی لە سەر ووشکانی وەکو ئۆتۆمۆبێل ، پاس ، ماتۆر، پاسکیل ، بارهەڵگر یان نەفەر هەڵگر یان هەردووکیان .

4- رووداوەکانی هاتووچۆ: رووداوێکە بە بێ پلانی پێشوەختە رودەدات لە ئەنجامی تیژی لێخورین یان تووشبوونی ئامرازێکی گواستنەوەی جوولاو یان زیاترلە گەڵ چەند ئامرازێکی تری گواستنەوە یان تووشبوونی ئامرازە جوولاوەکە لەگەڵ پیادە یان ئاژەل یان لەگەڵ تەنەکە لەسەر رێگای گشتی وتایبەت وە لە ئەنجامدا زیانی گیانی وماددی لێدەکەوێتەوە.

أ- پێکدادان : ڕوودەدات لە نێوان دوو ئامرازی گواستنەوە یان لە گەڵ تەنێکی جووڵاو یان تەنێکی جێگیر وەکو دیوار ،دار، ستوونی کارەبا........هیترکە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیانی گیانی ومادی.

ب ـ وەرگەران : واتا لە دەستدانی هاوسەنگی ئامرازێکی گواستنەوە کە ڕووی سەرەوەی دەکەوێتە خوارەوەی(سەراوژێر) دەبێت یان دەکەوێتە سەر تەنیشت کە لە ئەنجامدا زیانی ماددی و گیانی لێدەکەوێتەوە.

ج ـ شێلان : پێکدادانی ئامرازێکی گواستنەوەی جووڵاو بە تەنێکی نەرم وەکو (مرۆڤ، ئاژەڵ ) لە ئەنجامدا زیانی ماددی وگیانی لێدەکەوێتەوە.

د ـ هیتر: هەموو ئەو رووداوانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە سووتانی ئامرازەکانی گواستنەوە هەیە لە کاتی ڕۆیشتندا یان کەوتنە خوارەوەی لە شوێنکی بەرز یان نقووم بوونی لە رووبار.......هیتر.

نیشاندەرە سەرەکیەکان :

1- لە سالی 2018 ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە 4,476 ڕووداو بووە لەوانە 569 ڕووداوی مردن بە ڕێژەی 12.7% و3,907 لەو ڕووداوانە بە بێ زیانی گیانی بوو بە ڕێژەی87.3 %.

2- تۆماری ڕووداوەکانی پێکدادان لە ساڵی 2018 گەیشتە 2,707 ڕووداو بە ڕێژەی 60.5 % کە بەرزترین ڕێژە بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕووداوەکانی تر، وەرگەڕان 714 بە ڕێژەی 15.9%، بەرکەوتنی مرۆڤ بە ئۆتۆمۆبێل 1,001 بە ڕێژەی 22.4%، هی تر 54 ڕووداو بە ڕێژەی 1.2% تۆمار کراوە.

3- ژمارەی قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ساڵی 2018 دا 5,879 بووە کە گیان لەدەستدان 705 کەس بە ڕێژەی 11.9% و ژمارەی بریندار 5,174 کەس بوونە بەرێژەی 88.1%.

4- ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەری دەخەن کە زۆرترین هۆیەکانی ڕووداوی هاتووچۆ بە هۆی شوفێرەوە بووە کە دەکاتە 3,944 ڕووداو بە ڕێژەی 88.1%، و ئەوانەی بەهۆی ئۆتۆمۆبێل بووە ژمارەیان 332 بە ڕێژەی 7.4%، بەهۆی ڕێگاوبان 90 ڕووداوی لێکەوتەوە بە ڕێژەی 2.0%، بەهۆی سەرنشینەکان 80 ڕووداو بووە بەرێژەی1.8%،وە بەهۆیەکانی تر 30 ڕووداوی لێکەوتەوە بەرێژەی 0.7% .

5- ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆکە تۆمار کراون بە پێی مانگەکان, مانگی ئاب 439 ڕووداوو بەرێژەی9.8%, مانگی ئەیلول 427 ڕووداو بەرێژەی زیاتر لە 9.5%,وە لە مانگی تەمموز 423 ڕووداو بوو زیاتر لە 9.4% و کۆی ڕووداوەکان بۆ مانگەکانی تر3,187 ڕووداو بووە بەرێژەی 71.2%.

6- بە پێی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە دەرکەوتووە کە لە شاری هەولێر ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ گە یشتۆتە 1,333 ڕووداو بەرێژەی 29.8%، پاشان پارێزگای سلێمانی دێت بە 1,729ڕووداو بەرێژەی 38.6% کە بەرزترین ڕێژە بووە لە هەرێمی کوردستان بە بەراوورد بە پارێزگاکانی تر ،وە پارێزگای دهۆك 1,091 ڕووداوی تۆمار کردووە بەرێژەی 24.4% و ئیدارەی گەرمیان بە 323 ڕووداو بەرێژەی 7.2% لە کۆی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ.

7- ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە لە ڕۆژدا ڕوویانداوە ژمارەیان 2,680 ڕووداوە بووە بەرێژەی 59.9% وە لەکاتی شەودا 1,439ڕووداو بووە بەرێژەی 32.1%, لەکاتی ڕۆژهەڵات 175 ڕووداو بەرێژەی 3.9 % و لە کاتی ڕۆژئاوادا 182 ڕووداو تۆمارکراوە بەرێژەی 4.1%.

ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018

| هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1,333 | 1,729 | 1,091 | 323 | 4,476 |


ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەگوێرەی هۆکارەکانی ڕووداوەکە لەسەرئاستی هەرێم بۆ ساڵی 2018

| ڕێگا | ئۆتۆمۆبێل | شوفێر | پیادە | سەرنشین | هیتر | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 90 | 332 | 3,944 | / | 80 | 30 | 4,476 |

خشتەی (1) سەرجەم نیشاندەرە سەرەکیەکانی ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2018

| | وردەکاری | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| ژمارەی ڕووداوەکان بەگوێرەی مەترسیان | مردن | 248 | 121 | 198 | 2 | 569 |
| | بێ مردن | 2,425 | 697 | 733 | 52 | 3,907 |
| | کۆ | 2,673 | 818 | 931 | 54 | 4,476 |

وێنەی (1) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی مەترسی و سروشتی ڕووداوەکە بۆ ساڵی2018



خشتەی (2) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پۆلینی ڕێگا بۆ ساڵی 2018

| ووردەکاری | پۆلینی ڕێگا | ژمارە |
|---|---|---|
| ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پۆلینی ڕێگا | سەرەکی | 2,461 |
| | لاوەکی | 1,763 |
| | گوندی | 252 |
| | کۆ | 4,476 |

خشتەی (3) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی باری ڕووناکی بۆ ساڵی 2018

| ووردەکاری | باری ڕووناکی | ژمارە |
|---|---|---|
| ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی باری ڕووناکی | ڕۆژهەڵاتن | 175 |
| | ڕۆژئاوابوون | 182 |
| | ڕۆژ | 2,680 |
| | شەو | 1,439 |
| | کۆ | 4,476 |


خشتەی (4) ژمارەی مردووان و بریندارن بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی 2018

| پارێزگا | مردووان | برینداران |
|---|---|---|
| هەولێر | 273 | 1,442 |
| سلێمانی | 266 | 2,277 |
| دهۆك | 117 | 1,071 |
| گەرمیان | 49 | 384 |
| کۆ | 705 | 5,174 |

خشتەی (5) ژمارەی ڕووداوەکان بە گوێرەی پاریزگاو جۆری ڕووداوەکە بۆ ساڵی 2018

| پارێزگا | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| هەولێر | 789 | 199 | 315 | 30 | 1,333 |
| سلێمانی | 1,006 | 352 | 362 | 9 | 1,729 |
| دهۆك | 727 | 118 | 240 | 6 | 1,091 |
| گەرمیان | 185 | 45 | 84 | 9 | 323 |
| کۆ | 2,707 | 714 | 1,001 | 54 | 4,476 |

وێنەی (2) ژمارەی ڕووداوە تۆمارکراوەکان بە گوێرەی پارێزگا بۆ ساڵی2018



خشتەی (6)
ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی 2018

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 67 | 16 | 34 | 2 | 119 |
| شوبات | 57 | 15 | 28 | 3 | 103 |
| ئادار | 57 | 21 | 16 | 4 | 98 |
| نیسان | 70 | 16 | 21 | 1 | 108 |
| ئایار | 64 | 13 | 20 | 3 | 100 |
| حوزیران | 58 | 19 | 32 | 3 | 112 |
| تەمموز | 66 | 19 | 26 | 5 | 116 |
| ئاب | 92 | 19 | 25 | / | 136 |
| ئەیلول | 70 | 21 | 22 | 4 | 117 |
| تشرینی یەکەم | 62 | 11 | 36 | 1 | 110 |
| تشرینی دووەم | 62 | 16 | 38 | 3 | 119 |
| کانوونی یەکەم | 64 | 13 | 17 | 1 | 95 |
| کۆ | 789 | 199 | 315 | 30 | 1,333 |

خشتەی (7)
ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 2018

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 59 | 17 | 19 | / | 95 |
| شوبات | 76 | 29 | 35 | 2 | 142 |
| ئادار | 77 | 22 | 37 | / | 136 |
| نیسان | 87 | 26 | 37 | 1 | 151 |
| ئایار | 73 | 19 | 23 | 1 | 116 |
| حوزیران | 88 | 45 | 30 | / | 163 |
| تەممووز | 91 | 49 | 43 | 1 | 184 |
| ئاب | 107 | 43 | 33 | / | 183 |
| ئەیلول | 106 | 24 | 35 | 2 | 167 |
| تشرینی یەکەم | 96 | 23 | 29 | / | 148 |
| تشرینی دووەم | 89 | 32 | 23 | / | 144 |
| کانوونی یەکەم | 57 | 23 | 18 | 2 | 100 |
| کۆ | 1,006 | 352 | 362 | 9 | 1,729 |

خشتەی (8)
ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە پارێزگای دهۆك بۆ ساڵی 2018

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 63 | 5 | 17 | 1 | 86 |
| شوبات | 54 | 15 | 13 | / | 82 |
| ئادار | 48 | 6 | 27 | / | 81 |
| نیسان | 82 | 4 | 19 | 1 | 106 |
| ئایار | 46 | 14 | 12 | / | 72 |
| حوزیران | 73 | 7 | 28 | / | 108 |
| تەمموز | 58 | 13 | 21 | 1 | 93 |
| ئاب | 60 | 14 | 21 | 1 | 96 |
| ئەیلول | 58 | 14 | 30 | 1 | 103 |
| تشرینی یەکەم | 72 | 10 | 23 | 1 | 106 |
| تشرینی دووەم | 58 | 7 | 17 | / | 82 |
| کانوونی یەکەم | 55 | 9 | 12 | / | 76 |
| کۆ | 727 | 118 | 240 | 6 | 1,091 |


خشتەی (9)
ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی 2018

| مانگ | جۆری ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەڕان | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 11 | 3 | 9 | / | 23 |
| شوبات | 15 | 5 | 9 | 2 | 31 |
| ئادار | 11 | 5 | 9 | / | 25 |
| نیسان | 14 | 6 | 9 | 1 | 30 |
| ئایار | 18 | 5 | 7 | 1 | 31 |
| حوزیران | 11 | 5 | 3 | / | 19 |
| تەمموز | 18 | 6 | 5 | 1 | 30 |
| ئاب | 16 | 3 | 5 | / | 24 |
| ئەیلول | 28 | 2 | 8 | 2 | 40 |
| تشرینی یەکەم | 15 | 2 | 9 | / | 26 |
| تشرینی دووەم | 17 | 1 | 5 | / | 23 |
| کانوونی یەکەم | 11 | 2 | 6 | 2 | 21 |
| کۆ | 185 | 45 | 84 | 9 | 323 |

خشتەی (10)
کۆی گشتی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆی تۆمارکراو بە گوێرەی مانگ و جۆر لە سەرئاستی هەرێمی کوردستان
بۆساڵی 2018

| مانگ | سروشتی ڕووداوەکە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێکدادان | وەرگەران | بەمرۆڤ | هیتر | کۆ |
| کانوونی دووەم | 200 | 41 | 79 | 3 | 323 |
| شوبات | 202 | 64 | 85 | 7 | 358 |
| ئادار | 193 | 54 | 89 | 4 | 340 |
| نیسان | 253 | 52 | 86 | 4 | 395 |
| ئایار | 201 | 51 | 62 | 5 | 319 |
| حوزیران | 230 | 76 | 93 | 3 | 402 |
| تەمموز | 233 | 87 | 95 | 8 | 423 |
| ئاب | 275 | 79 | 84 | 1 | 439 |
| ئەیلول | 262 | 61 | 95 | 9 | 427 |
| تشرینی یەکەم | 245 | 46 | 97 | 2 | 390 |
| تشرینی دووەم | 226 | 56 | 83 | 3 | 368 |
| کانوونی یەکەم | 187 | 47 | 53 | 5 | 292 |
| کۆ | 2,707 | 714 | 1,001 | 54 | 4,476 |

وێنەی (3) ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بەگوێرەی سروشتی ڕووداوەکە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان
بۆ ساڵی 2018



وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

www.krso.gov.krd